# پێنج هەزار کیژ شەهیدی وونن

نیگار نادر

1/10/2007

شەهید بوون سەرەرایی پێناسەی جوداو تێروانینی جودا لەدیدگای هەرئاین و کەلتورێک و کۆمەڵگەیەکەوە بەگشتی بەدوو مانایان دێ، یەکەمیان،ئەو دەمەی مرۆڤ لەترۆپکی خۆشەویستی دایە بۆ ژیان و ئازادی و خۆشەویستەکەی دەکەوێتە بنبەست لەنێوان هەڵبژاردنی ژیان و مەرگ لەئەنجامدا مەرگێکی ئاشکراو راستەقینە هەڵدەبژێرێ و خۆ دەکاتە قوربانی، دووەمیان مرۆڤ لەپێناو ژیان و خۆشەویستی و ئازادی دا مەرگێکی بێدەنگ هەڵدەبژێرێ و تێدا دەبتە قوربانیەکی وون و دەبێتە شەهیدی وون.

ئەگەر خاس سەرنجێ لە مابەینی شەهید بوون وکوژران و نەمری دا بدەین هەست بەو جیاوازیە بەرینەی نێوانیان دکەین،لەبۆیە هەندەک جاران مرۆڤ دەکوژرێن و بەشەهید ناوزەدەکرێن لێ نەمر نابن،یا مرۆڤ ناکوژرێن و نەمر ناکرێن لێ شەهید دەبن،بەدیووێکی دیدا مرۆڤ هەن نەمر دەبن بەبێ ئەوەی بکوژرێن یا شەهید ببن.

لەهەندێک کۆمەڵگەدا چۆن ژن لە جوانی وداهێنان و گەرمی ژیان داشۆردراوە بەهەمان ئاراستەش ژن لە نازناوی پرشنگ دارو وەپاڵدانی ووشەی ستایش و مەزن داشۆراون بۆنموونە شەهیدی مەزن، قوربانی پیرۆز، داهێنەری گەورە.
ژنان چەندە خۆبەختکەرو قوربانی دەرو سەرکێشبن بەدەگمەن نەبێ ناویان نایەتە سەرزمانان و نابنە جێی شانازیە بۆ دەوروبەرو پیاوان و چەند بەتواناو
بەهێزبن بە ناکامڵیان پێناس دەکەن و بە بێدەسەڵاتیان دەچوێنن.
بۆیە قوربانی دانی ژنان قوربانی دانێکی ئاسان نیە و دەهێندەی قوربانی دانی پیاوان باجی دەوێ دەگەڵ شێوەی قوربانیەکان و ئەو ئامرازانەی قوربانییان پێدەدات.
بۆیە وەختێک کیژە کوردێک دەکەوێتە ناو خۆشویستی پیاوێکەوە زۆر جیاوازە
لە هەر کیژێکی تر لەو پەڕی دونیایە چونکە ئەو ڕاستت لێێ ڕوونە و پێشبینی یە دەکا لە سەر ئەو خۆشەویستیە بەکوشت بچێ و قوربانی بە ژیانی بدا،لەودەمەیدا بۆ زۆر کیژانی کۆمەڵگە ئازادەکان ئەوە نەک جێێ خەم و ترسێش نیە بۆی کێشە نیە بەدرێژایی تەمەنی چەند پەیوەندی خۆشەویستی تر دەبەستێ و چەند پیاوی تر دەناسێ بەبێ ترسی کوژران و سووک بوون و تێدا چوون و بوونە قوربانی.

لەشەر یا ئەودیوی دڵی مندا نوسیومە (هەر ژنێک رۆژێ دووسێ جار دەکوژرێ و دەمرێ بەڵام گیانێ ناداو خوێنێ لەبەر ناڕوا) لەبۆیە لێرە پێویستە بگرێمەوە سەر ئەو مردن و کوشتنانەی ژنان و شەهید بوونیان بە جیاوازی لەمابەینی هەر کەلتورو کۆمەڵگەیەک دا.
ژن هەنە لە سەرەتایی تەمەنیانەوە لە خۆشەویستیەک دا مردوون و گیان داوە بەبێ ئەوەی کەس هەست بەدڵی شکاوو لاشەی مردوویان بکا،ژن هەنە رۆژێ دووسێ جار دەکوژرێ لە ناو ئەو ژیانە زۆرەملێیەی بەسەری دا سەپاوە لێ کەس تنۆکە خوێنێک نابینێ کە لەبەری دەڕوا، ژن هەنە دەمێکە کوژراون بەوەی ملیان داوەتە بەر کارێکی ناشایستەو کەرامەتیان تێیدا لەدەست داوە
هەر بۆ ئەوەی خۆ بەرێوەبەرن، ژن هەنە لەناو زۆر لە کایە سیاسی و رۆشەبیریەکاندا مرێنراوون چونکە پیاوێکیان

خۆشویستوە کەس لە ژیان و خەبات و بەرهەمیشیان ناڕوانێ.
بۆیە ئەز چۆن دڵنیام لە مردن و قوربانیە هەمەڕەنگ و هەمە جۆرەی ژنان ئەوهاش دڵنیام لەو جۆرە شەهید بوونە هەمەرەنگ و هەمە شێوازەی ژنان و
شەهید بوونی ژنان وەکو کوشتنی ژنان گەلێک ڕوو ناوی جودای هەن و بە گەلێک شێوازو کەرەستەی جودا جێبەجێ دەکرێت لەبۆیە هەموو دەمێ شەرت نیە ژنێک بە گوولە بپێکرێ و گیان بدا تا ناوی لێبنێین شەهید ئەگەر چی ڕێی و کەرەستەکانی شەهیدکردنێ جودان ئەو گوولەو فیشەکانەش جودان کە ژنیان پێ شەهید دەکرێ و ئەگەر نازناوی شەهیدی زیندوو بخەینە پاڵ ناوی ئەو هەموو ژنە ئازاو تێکۆشەرانە ژنان خودان گەورەترین ژمارەی شەهیدی زیندوو دەبن.

لیرە دەمەوێ پێکەوە لە شێوازەی شەهید بوونەی کیژان ڕامێنین لەدەڤەری پشدەرو بیتوێنێ.
پشدەرو بیتوێن ئەو ناوچە جوانەی دەکەوێتە دامێنی چیای قەندیل و ئاسۆس و کارۆخەوە، پشدەر دەکەوێتە سەر سنوور لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردوستان ئەو ناوچەیە تا دەورووبەری ساڵانی سی وهەشت هیچ حکوومەت و دەسەڵاتێک فەرمانڕەوایی تێدا نەکردوو بەتەنها لەلایەن هەندێک کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەتەوە بەڕێوەبراوە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەگشتی قارەمان و ئازا و چاونەترسن و ملیان بۆ ڕژێمە دیکتاتۆرەکانیش نەداوەو هەمیشە دژی چەووسانەوە لەسەنگەردابوون و بۆیە ئەو ناوچەیە بنکەو لانەی شۆڕش و جوڵانەوە سیاسیەکان بووە تا سەردەمی ڕاپەرین و ئازادی.

دەگەڵ ئەوانەش تائێستا هەندێک دابووبەریتی دواکەوتوو وەکو کەلتورێک رەگی داکوتاوەتە ناو هەموو شیوازێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بۆنموونە ژن بەژنەو گەورەبەگچکەو شیربایی و کچ بەخشین لەبری خوێن تا دەگاتە ژن کوشتن و ژن هەتککردن و ژن تەرکەوەتەن کردن و ڕاوەدانانی ژن.
ئەوەی جێێ داخێکی قووڵە تائێستا بە تەنها لەو دوو دەڤەرە پێنج هەزار کیژ بە منداڵی و لەسەر لانکێ مارە بڕدراوون لەپیاوێکی کە دوو تەمەنی ئەوانیان هەیە یا لە کورێکی منداڵ وەکوو خۆیان و لەسەردەمی منداڵی یان بەژن دان بۆ برایەکی یاماێکی یا بابی، کۆی ئەو حاڵەتانە لەدەرەوەی دادگاو لەسەردەستی مەلایەک و بەئامادەبوونی دوو شاهیدی پیاو بە ئەنجام گەیەنراوون حەتمەن بەبێ ڕەزامەندی ئەو کیژە زۆرجاریش لایەنی بەرامبەری و بۆ دەربازبونێش لەوکێشەیە زۆرجاراندەبێ خێزانی کیژەکان پارەیەکی زۆر بدەنە ماڵی کابرای تا لەسەر تەڵاقدانی رەزامەند ببێ و کە پێی دەڵێن کڕینەوە بەو مانایەی بەرامبەر بە خوێنی ئەو کیژە دەبێ پارە بدرێ، بۆیە ئەو خێزانانەی لەسەر جیابونەوەش رەزامەند بن بەڵام توانای دابین کردنی ئەو بڕە پارەیان نەبێ دەبێ بە ناچاری هەر رەزامەندیان هەبێ بۆ ئەو هاوسەرگیریە و یا کیژەکان تا لەژیان دابن ناتوانن شوو بکەن و لەچاوەڕوانی دا تەمەنی جوانیان دەگوزەرێنن و بە قەیرە کچیان ناوزەد دەکەن.

دەبێ لێرە لە خۆ بپرسین ئەگەر لە ناوچیەکی ئەوا گچکە پێنج هەزار کیژ لەو ژیانەدا بژین و بەوشیوەیە شەهیدکرابن دەبێ لە هەموو کوردووستان چەند شەهیدی کیژ هەبن؟ لەچەند کێشەی شاردراوەی تردا قوربانی ژن هەبن وکرابنە شەهیدی زیندوو.

ئەوەی جێێ خەم و دەستەوەستان بوونێ یە کە لەناو ئەو هەموو ژنە مەدەنی کراوانەداو وەزیرێک بۆ کارووباری ژنان و چەندین ڕێکخراوی ماف پێبەخشراو و لەو وڵاتەی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنی کورد سازدەدرێ و دەبەسترێ و لە
ناوەندی ئەو هەموو پۆلەژنە قەڵەم بەدەست و خۆبەنووسەرزانانە دا ژن تا ئەو ئاستە لەژیان دازەلیل کرابێ بۆ ملدان بۆ شێوە ژیانە بە زۆرەملێی لێ نەکەس باسی بکا نەکەس وەکو خەموو خەتەرێک هەوڵی چارەسەرکردنێی بدات و بەدوای دابچێ!

هەڵبەتە یەک دوو ساڵ دەبێ چەند هەوڵیک دراوە بۆ بەدواداچوون  چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەلایەن لیژنەی ژنانی پەرلەرمانی کوردوستان و  چەند رێکخراوو کەسایەتیەکەوە بەڵام تا ئێستا هەروەکوو خۆ ماوەتەوە لەسەر لاپەرەکان نوسراوەتەوەو ئومێد دەکەم هەنگاوی یاسایی بۆ بهاویژرێ.

لەدڵ ڕادەڵێم ئەوە بۆمن خەمێکی هێندە گەوریەکە من خەڵکی ناوچەیەکم و کیژی نەتەوەیەکم کیژو ژنەکانی هێندەی چیایەکانی خۆڕاگرو پاک و جوانن و لێ تائێستا بەوشێوەیە دەبنە قووربانی ودەکوژرێن ودەبنە شەهیدی وون ناو رەنگیان لە ژیانی زۆرە ملێ دا بزر دەکرێ.

هاوخۆشەویستی و سۆزی خۆم لەبۆ هەموو ئەو شەهیدەوون و شەهیدەزیندوانە
دووپات دەکەمەوە چەندو چۆنم پێبکرێ دەگڵیان دێمە سەنگەرو بەرخودانێ چونکە دڵنیام شۆڕشگێرێکی گەورەن بەرامبەر بە ژیان و بوونەتە شەهیدی وون.